# جەنگی غەززە و داهاتووی پرۆژە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل

03-12-2023

**نووسەرەکان**

میران حسین

**کورتە :** شەڕی غەزە بەدەر لە رەهەندە مرۆیی و سەربازییەکانی، سەرنجی بۆ سەر داهاتووی چەندین پرۆژەی ستراتیژی راکێشاوە کە ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە ئەنجامیان بدات یان تێیاندا بەشدار بێت. بەشیك لەو پرۆژانە ستراتیژین بۆ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و، ئیسرائیل پلانی داناوە بەهۆیانەوە ببێتە بەهێزترین وڵات لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێگەیەکی ستراتیژی زۆر بەهێزلە جیهان دا دەستبەر بکات بەڵام هێشتا دیار نییە کە جەنگەکە چارەنووسی ئەو پرۆژانە چی لێ دەکات.

شەڕی غەزە بەدەر لە رەهەندە مرۆیی و سەربازییەکانی، سەرنجی بۆ سەر داهاتووی چەندین پرۆژەی ستراتیژی راکێشاوە  کە ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە ئەنجامیان بدات یان تێیاندا بەشدار بێت. بەشیك لەو پرۆژانە ستراتیژین بۆ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و، ئیسرائیل پلانی داناوە بەهۆیانەوە ببێتە بەهێزترین  وڵات لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێگەیەکی ستراتیژی زۆر بەهێزلە جیهان دا دەستبەر بکات بەڵام هێشتا دیار نییە کە جەنگەکە چارەنووسی ئەو پرۆژانە چی لێ دەکات.

## نۆکەندی بن گۆریۆن

یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکان کە ئیسرائیل بەنیازە جێبەجێی بکات و، پلانی داناوە کە دەریای سوور بە دەریای سپی ببەستێتەوە، بەمەش ئەم نۆکەندە دەبێتە رکابەری نۆکەندی سویس کە زۆربەی کەشتیەکان کە لە ئەوروپاوە کاڵاکانیان بۆ ئاسیا دەگوازنەوە بەو نۆکەندە تێپەر دەبن و یەکێکە لە شوێنە ستراتیژییەکان لە جیهان دا. نۆکەندی بن گۆریۆن کە ئێستا ئیسرائیلیەکان دەیانەوێ جێبەجێی بکەن، گرنگی زۆری بۆ ئیسرائیل هەیە و لە هەمانکاتیشدا، بۆ میسر و ئابوورییەکەی گورزێکی کوشندەیە.

نۆکەندی بین گۆریۆن  292.9 کیلۆمەترە و تێچووکەی لە نێوان 15-55 ملیار دۆلار دەبێت (2) وتایبەتمەندی ئەم نۆکەندە لەوەدایە کە دوو رێڕەوی دەبێت و پانترە لە نۆکەندی سویس. هەروەها، لە زەوییەکی بەردەڵان دروست دەکرێت کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەی بەردەوام نابێت، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ نۆکەندی سوێس بۆ بەکارهێنان گونجاوتر دەبێت(3).

بەڵام گەورەترین لەمپەر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بوونی کەرتی غەزە و بزوتنەوەی حەماسە. چونکە خاڵی بەستنەوی نۆکەندەکە بە دەریای سپی دەکەوێتە باکووری کەرتی غەزە، ومانەوەی بزوتنەوەی حەماس هەڕەشەیەکی جدیە بۆ سەر پرۆژەکە. جگە لەوەی میسر بەهەموو شێوەیەك دژی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە.

وێنەی 1: نەخشەی رێڕەوی نۆکەندی بن گۆریۆن




سەرچاوە: 2-12-2023   www.civilsdaily.com/news/ben-gurion-canal-project-joining-red-sea-with-mediterranean/

# هێڵی ئابووری هیندستان- رۆژهەڵاتی نێوڕاست - ئەوروپا

لە میانی کۆبوونەوەی وڵاتان و ئەندامانی جی 20 ( G 20) کە لە مانگی نۆی 2023 لە هیندستان بەڕێوەچوو، هەریەك لە جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا، نارێندرا مۆدی سەرۆکوەزیرانی هیندستان و محەمەد بن سەلمان، جێنشینی عەرەبستانی سعودی واژۆیان لەسەر پرۆژەی هێڵی ئابووری هیند ـ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ـ ئەوروپا کرد. پرۆژەکە بە بە IMEEC ناسراوە کە کورتکراوەی (India ـ Middle East Europe Economic Corridor) وەکو لە وێنەی خوارەوە هاتووە.

ئەم پرۆژەیە وڵاتی هیندستان بە ئیمارات و عەرەبستانی سعودی و ئوردن و ئیسرائیل دەبەستێتەوە و، بەندەری حەیفای ئیسرائیلیش بە ئەوروپا دەبەستێتەوە و مەبەستی لێی، ئالوگۆڕی بازرگانیە لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا لە رێگای تۆڕێك لە هێڵی ئاسنین و بەندەر و هێڵی دەریاییەوە(4) . ئەمە رکابەری پرۆژەی ئاورێشمی نوێیە کە چین بە ئەوروپاوە دەبەستێتەوە، و ئامانجی سەرەکی لێدانە لە پرۆژەکەی چین کە بە ئەوروپای دەبەستێتەوە و بە پاکستان و ئێران و سوریادا تێپەر دەبێت. هێرشەکانی بزوتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و سەر شاری حەیفا گومان دەخاتە سەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە و مەترسیە لەسەر جێبەجێکردنی دروست دەکات.

وێنەی 2: نەخشەی نوێی بەستنەوەی هیندستان ـ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەورووپا بەیەکەوە




سەرچاوە: www.impriindia.com/insights/path-leads-europe-imec-update/ 2-12-2023

# کەرتی غەززە و گازی سروشتی

هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری کەشوهەوا لە جیهان دا و کاریگەری نیگەتیڤەکانی لەسەر جیهان بە گشتی و هەولی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی وەکو خەڵوز و نەوتی خاو لە جیهان دا، هەوڵەکانیان بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی وزەی پاك لەجیهان دا بەردەوامە، و یەکێك لە بژاردەکانی بەردەم وڵاتە پێشکەوتووەکان گازی سروشتییە، ئەمەش بووەتەهۆی زیادبوونی بایەخ و بەهای گازی سروشتی لەجیهان دا .

هاوکات لەگەڵ زیادبوونی بایەخی گازی سروشتی لە جیهان، ئیسرائیل بەهاوبەشی لەگەڵ قوبرس گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتیی لە رۆژهەڵاتی دەریای نێوەراست دۆزیەوە. بەنیازیشە بەهەماهەنگی لەگەڵ یۆنان، هێڵێکی گواستنەوەی گازی سروشتی لە دەریای نێوەڕاستەوە بەرەو ئەوروپا دروستبکات بەناوی مید ئیست. بەمەش ئیسرائیل دەبێتە یەکێك لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی گازی سروشتی لە جیهان و سەرچاوەی دابینکردنی گاز دەبێت بۆ ئەوروپا(5).

هەربۆیەش ئەوەی تایبەتە بە کەرتی غەززە و پرۆژەی گازی سرووشتی رۆژهەڵاتی دەریای نێوەراست دوو لایەنە:

یەکەم - جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە مەترسی لەسەرە بەهۆی ئەوەی کە ئەو کێڵگە گازییانەی ئیسرائیل و قوبرس کەمتر لە 500 کیلۆمەتر لە کەرتی غەززەوە دوورن، بەمەش دابینکردنی ئاسایشی پرۆژەکە لە داهاتوودا وەکوو کێشەیەک دەردەکەوێت.

دووەم - کەرتی غەززە خاوەنی گێڵگەی (غەززە مارین)ە کە یەکێکە لە کێڵگە گازییە گەورەکانی لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی، و نزیکەی 30 کیلۆمەتر لە کەنارەکانی کەرتی غەززەوە دوورە،  و بڕی 1,1 تریلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی تێدایە(6) و کۆنترۆڵکردنی لە لایەنی ئیسرائیلەوە واتا فراوانکردن و بەهێزکردنی پێگەی ئیسرائیل لە بواری گازی سروشتی .

## پرۆژەی شاری نیۆم

لەڕوویەکی دیکەوە، هێرشەکانی حەماس و جەنگی غەززە هاوکات بوون لەگەڵ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ کرانەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەکان، و گەیشتە ئاستی دروستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیمارات و بەحرەین (7) و دروستبوونی پەیوەندی ئابووریی نافەرمی لەگەڵ چەندین وڵاتی دیکەی وەکو عەرەبستانی سعودی و قەتەر. ژمارەیەك بەرپرسی ئیسرائیل و سعودی بە ئاشکرا باسی هەوڵەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایان کردووە  (8).

پرۆژەی نیۆم یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکان کە عەرەبستانی سعودی بەنیازە جێبەجێیبکات و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای عەرەبستانی سعودی، لەسەر سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ ئیسرائیل و میسر و ئوردن لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لەسەر دەریای سوور. رووبەرەکەی 26,500 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و لە ساڵی 2030 تەواو دەبێت و تێچووکەی 500 ملیار دۆلارە (9).

## سەرچاوەکان


arabic.cnn.com/middle-east/article/2023/11/23/netanyahu-says-israel-hopes-to-get-first-group-of-hostages -1

/frontierindia.com/all-you-should-know-about-the-israeli-ben-gurion-canal-project -2

/www.reuters.com/world/africa/suez-canal-annual-revenue-hits-record-94-bln-chairman-2023-06-21 -3

4- المعهد الدولی للدراسات الایرانیه،الممر التجاری العالمی الهندی-الشرق أوسگی-الاوروبی.. الفرص والتحدیات، 2023،لاپەرە5

5- میران حسین ، جیوبولتیکی الگاقه والصراع علی الگاز الگبیعی فی العالم ـ کۆنفرانسی زانکۆی موستنەسریە ،2022، لاپەرە458

6- د. احمد السلگان ، "غزه مارین".. هل یُصلح الگاز ما أفسده الاحتلال فی فلسگین؟ المرکز المصری للفکر والدراسات الاستراتیجیه، /https://ecss.com.eg/author/ahmed-saoltan

- 7
www.reuters.com/article/us-israel-emirates-trump/with-trumps-help-israel-and-the-united-arab-emirates-reach-historic-deal-to-normalize-relations-idUSKCN25926W

https://www.bbc.com/arabic/articles/ce7wr7wl6xlo -8

NEOM_FAQS_ARABIC.pdf-9